کـورتە ڕوونکردنەوە بـۆ هەندێ ناو وحوکمـی شەرعی بـۆ موسڵمانان

نووسەر :
مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

ناوی کتێب

کورتە ڕوونکردنەوە بۆ هەندێ ناو وحوکمی شەرعی بۆ موسڵمانان

نووسەر :

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

الدَّوْلَةُ الإِسْلَامِيَّة

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة

ئامادەکردنی :

قوتابی/ مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

بەشێ لە کتێبەکانی مامۆستا ئوسامە

بۆ داونلۆد کردنی کتێبەکان دەست بخەنە سەر بەرگی کتێب











بۆبینینی پۆستەکانی مامۆستا ئوسامە لێرەوە دەتوانن بینەر بن تەنها کلیک لەسەر ناوەکان بکە .

mamosta_osama_tawhede_8
mamosta_osama_tawhede7
mamosta_osama_tawhede6

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی 2

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

مامۆستا ئوسامە تەوحیدی شارەزووری

پێرست

ژ	بــابــەت	لاپەڕە
١	حوکمــە شەرعیە فقهیەکان	٢-٨
٢	ئــایا واجب و فەرز جیــاوازیان هەیە ؟	٩-١٠
٣	مانا ومەبەستی لەفز و وشەی شەرعی	١١-٢٢
٤	جیاوازی چیە لەنێوان خولع وطلاق و الفسخ	٢٣-٢٧
٥	فاسق وكــافر ومنافق وجۆرەكــانی چین؟	٢٨-٣٧
٦	زوهد و وەرع چییە ؟	٣٨-٤٦
٧	فەرموودەی الاحــاد چیە ومتواتر چیە ؟	٤٧-٥٣
٨	(کوفری جەهل) (جوهلی واجب) (جەهلی حەرام) (علمی حەرام) (علمی مندوب) (علمی موباح) چییە ؟!	٥٤-٥٩
٩	جیاوازی نێوان (المدارات و المداهَنە) چیــە ؟	٦٠-٦٥
١٠	توقــیە چـــیە ؟	٦٦-٧٢

حوكمـه شه‌رعيه فقهيه‌كان

① واجب (بريتيه لەوشتانەی الله تعالى و پێغەمبەرەكەی صلى الله عليەوسلم فەرمانيان پێكردووە بەشێوەی پابەندبوون پێوەی) وەك پێنج نوێژە فەڕزەكە و ڕۆژووی ڕەمەزان وزەكات بۆئەووكەسەی لەتوانای هەيە وەحەجكردن بۆئەوكەسەی لەتوانايدا هەيە واجب بەفەڕزيش ناوئەبرێت بكەری واجب پاداشتی بۆهەيە وە ئەوكەسەی وازبهێنێت لەكردنی واجب هەڕەشە وسزای بۆدياريكراوە لەشەرعدا

واجب (ياخود فەڕز) زانايان ئەيكەن بەدووبەشەوە

①واجب عينی (واتا لەسەر هەموو تاكێك لەموسڵمانان واجبە كەهەستێ بەجێ بەجێكردنی وەك نوێژ و ڕۆژو وزەكات وحەج وجيهادی واجب كەهەركەسە واجبە لەسەری خۆی هەستێ بەجێ بەجێكردنی)

②واجب كفائی (واتا لەئەسڵدا ئەوكارە لەشەرعدا واجب كراوە بەڵام لەسەر تاك بەتاكی موسڵمانان واجب نيە ئەگەر كۆمەڵێ لەموسڵمانان هەستان بەجێ بەجێی كردنی ئەو واجبە ئەوا لەسەر باقی موسڵمانان لائەچێت بەڵام هەركات هەموويان وازيان هێنا لەكردنی ئەم جۆرە واجبە ئەوا هەموويان تاوانبارن وهەڕەشەيان لەسەرە بەنەكردنی ئەم واجبە)

بۆنمونە جیهادکردن بۆ فەتحکردنی وڵاتی کافرە ئەصڵیەکان ئەمە واجب ـی کفائی یە

ئیمام ـی أحمد رحمه الله ئەفەرموێت : (الغزو واجب على الناس كلهم ، فإذا غزا بعضهم أجزأ عنهم) (١)
غەزاکردن واجبە لەسەر هەموو خەڵکی بەڵام هەرکات کۆمەڵێ لەموسڵمانان هەستان بەغەزاکردن دژی کافران ئەوا لەسەر باقی موسڵمانانی تر لائەچێت

تێبینی [لێت تێکنەچێت جیهاد لەکاتی هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی خاکی داگیرکراوی موسڵمانان فەرزی عەینە واتا لەسەر تاک بەتاکی موسڵمانان واجبە گەر سەدا 99 ـی ئومەت ئەوجیهادە بکات ئەوا لەسەدا 1 کەکەش لەسەری واجبە ئەو جیهادە بکات ولەسەری لاناچێت چونکە واجب ـی عەینە واتا هەرکەسەو لەسەری جیهادکردنەکە واجبە وەک چۆن نوێژ و ڕۆژوو واجبە]

بەڵام هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵ کردنی خاکێکی کافران کەپێشتر بەدەست موسڵمانان نەبووە ئەمە واجب ـی کفائی یە هەرکات کۆمەڵێ موسڵمان هەستان بەوجیهادە ئەوا لەسەر ئەوانی تر لائەچێت بەڵام گەر هەموو موسڵمانان پشتیان کرد لەم جیهادە هەموویان تاوانبارن و تەرکی واجبیان کردووە .

(١): "الكوكب المنير" (1/173)

نمـونەیەکی تر شۆردن ـی مردوو ونوێژکردن لەسەری و دفن کـردنی

ئیمام ـی الشافعي رحمه الله ئەفەرموێت : (حق على الناس غسل الميت ، والصلاة عليه ودفنه ، لا يسع عامتهم تركه. وإذا قام به من فيه كفاية أجزأ عنهم ، إن شاء الله تعالى) (١)
مافە لەسەر هەموو خەڵک مردوو بشۆن وەنوێژی لەسەربکەن و دەفن ـی بکەن دروست نیە تێکڕای خەڵکی وازبهێنن لەم کارە بەڵادم ئەگەر کۆمەڵێک هەستێ بەجێ بەجێکـردنی ئەم کارە ئەوا لەسەر ئەوانی تر لائەچێت ئەگەر الله تعالی وویستی لەسەربێت

②سوننەت یان المندوب (بریتیە لەوشتانەی شەرع دانەر فەرمانیکردوە بەئەنجامدانی بەڵام خەڵکی پابەند وناچارنەکـردووە بەکردنی وەهەڕەشەی نەکردووە لەوانەی کەئەنجامی نادەن بەڵام پاداشتی خێری بۆئەووکەسـانە داناوە کەئەنجامی ئەیەن وەکـ شەو نوێژ و نوێژە سونەکان و بەڕۆژووبون ـی سێ ڕۆژ لەمانگێکدا وە خێرکردن و زیکـرکردن

ئەم جۆرە پێی ئەوترێ (المندوب یان مستحب یان سونـنەت یان نوافل)

ســــــوننەت دووجۆرە
①سونەتی موئەکەدە (المؤكَدة)
②سونەتی غیر المؤكدة

(ا): "الأم" (1/312)

جیاوازی ئەم دووجۆرە چیــە؟

ابن نجيم الحنفى ئەفەرمویێت : (أن السنة ما واظب عليه النبي صلى الله عليه وآله وسلم، لكن إن كانت لا مع الترك فهي دليل السنة المؤكَّدة، وإن كانت مع الترك أحيانًا فهي دليل غير المؤكِّدة) (١)
سونەت هەرشتكە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پابەندبوە بەئەنجامدانی بەڵام ئەگەر ئەم ئەنجامدانە وازهێنانی تێدانەبوو بێت بەڵگەیە کەئەو کارەسونەتێکی جەخت لەسەرکراوە بەڵام ئەگەر جار جارە وازی لێ هێنابێت واتا سونەتێکی غیر المؤکدەیە (جەخت لێکراوە نیە)

نمونەیەک لەسونەتی المؤکدە عائشة رضي الله عنها ئەفەرمویێت : (أن النبي صلى الله عليه وسلم كان لا يدع أربعا قبل الظهر) (٢)
پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم هەرگیز وازی نەهێناوە لەکردنی چوار ڕکات نوێژی پێش نوێژی نیوەڕۆ

پێغەمبەر فەرمووی صلى الله عليه وسلم : (صلُّوا قبلَ المغربِ ركعتينِ ، قال في الثالثةِ لمنْ شاء) (٣)
دووڕکاتـی پێش نوێژی ئێوارە بکەن .. پاشان لەجاری سێهەم فەرمووی بۆهەرکەسێ کەویستی لێ بێت .

(١): "البحر الرائق" (1/ 18،
(٢): رواه البخاري.
(٣): أخرجه ابن حبان (1588) واللفظ له، والبخاري (1183)، وأبو داود (1281)

③حەرام (یان قەدەغەکراو یان المحظور)بریتیە لەوشتانەی شەرع ـدانەر نەهیکردووە لەئەنجامدانی بەشێوەی ناچارکردن وپابەندکردن بۆ نەکردنی وەک نەهیکردنی شەرع لەکردنی زینا وڕیبا و ئارەق خواردنە و سفوری و سەرپێچی دایک وباوک وڕیش تاشین ..هتد

جائەوکەسەی سەرپێچی بکات وپابەند نەبێت بەدوورکەوتنەوەی لەوشتە قەدەغەکراوانە ئەوا هەڕەشە وسزای لەسەرە لەشەرعدا بەڵام ئەوکەسەشی بەگوێڕایەڵیکردن بۆالله ورسولەکەی صلی الله علیه وسلم وازئەهێنێت لەوحەرامانە ئەوا پاداشتی چاکەی بۆدانراوە

④المکروه(بێزراو) بریتیە لەوشتانەی شەرعدانەر نەهی کردووە لەکردنی بەڵام نەهیکردنەکە لەسەرشێوە ئیلزامکردن وناچارکردن نیە بۆ نەکردن، ئەوکەسەی دوورئەکەوێتەوە لەوشتانەی مەکرۆهن بەنیەتی گوێڕایەڵی بۆشەرع ئەوا پاداشتی چاکەی بۆهەیە وەئەوکەسەشی ئەنجامی ئەیات تاوانبارنابێت

نمونەیەک لەسەر مەکرۆهـ
①وەک ئاوخواردنەوە بەپێوە
② سونەت وایە کەخواردنێ لەپێشت دانرا لەپێش خۆت بخۆی بەڵام مەکرۆهە دەست بەریت بۆ بەشی پشتەوەی قاپەکە لەبەشی پشتەوە وئەملاو وئەولای بخۆیت

⑤موباح یان حەڵاڵ یان جائیز (دروست و ڕێگەپێدراو)بریتیە لەوشتانەی لەشەرعدا فەرمان بەکردنی ونەهیکردن لەکردنی نەهاتوە بۆنمونە خواردن وخواردنەوە و سەفەرکردن ..هتد

چی کاتێ حەڵاڵ ئەبێ بەواجب؟
بۆنمونە ئاو کڕین لەئەسڵدا شتێ حەڵاڵە بەڵام گەر لەشوێنێک بووی ئاوت دەست نەکەوێت بۆدەست نوێژ لەوکاتـەدا ئاوبکڕیت تانوێژەکەت بکەیت لەم حاڵەتە کڕینی ئاوەکە واجبە لەسەرت چونکـە قاعیدەیەکی شەرعی هەیە (ما لا یتم الواجب إلا به فهو واجب .) هەرشتێ پێویست بێت بۆجێ بەجێکردنی واجبێک ئەوا ئەوشتەش واجب ئەبێت

چـی کاتێ حەڵاڵ حەرام ئەبێت ؟
سەفەرکـردن خۆی لەخۆیدا حەڵاڵە بەڵام گەر سەفەربکەی بۆ جێگایەک کەتاوانی تێدا ئەکرێت لەوشوێنە ئەوا ئەو سەفەرکردنەش حەرام ئەبێت

چـــی كاتێ كردنی حەڵاڵ ئەبێت بەخێر وپاداشت ؟
بۆنمونە خەوتن حەڵاڵە بەڵام كەسێ دوای عیشا بخەوێت بەنیەتی ئەوەی شەو هەڵسێت بۆشەونوێژ یان زوو بەئاگابێتەوە بۆنوێژی بەیانی ئەم خەوتنە بەخێر بۆی ئەنوسرێت معاذی كوڕی جبل بە ئەبو موسای ئەشعەری فەرموو : (أحتسب نومتي كما أحتسب قومتي) (١)
لە خەوتنەكەشم چاوەڕێی پاداشت ئەكەم وەک چۆن لەكردنی شەونوێژ چاوەڕێی پاداشت ئەكەم

كەواتا تۆ ئەی برا وخوشكی موسڵمانم دەرگاكانی خێر وچاكە زۆرن ئەونانەی كەئەیخۆی بەونیەتەوەبیخۆ لەنوێژدا بەهێز ڕابوەستیت ئەو ئاوەی ئەیخۆیت بەونیەتەوە بیخۆ لەكاتی قورئان خوێندن دەمت وشک نەبێت چونكە هەموو ئەمانەش بەخێر وپاداشت بۆت ئەنوسرێت

(١): رواه البخاري (4345)

ئـایا واجب و فەرز جیـاوازیان هەیە ؟

زۆرینــەی زانایـان لەسـەر ئەوەن کەفـەرز و واجب جیاوازیـان نیـە چونکە فەرز یـان واجب بـریتیە لەوشـتەی شەرع فـەرمانیکـردووە بەئەنجامـدانی بەشێوەی فەرمانکـردن بۆئەنجامدانی بکەرەکەی پاداشـت ئەدرێتەوە ئەوەشـی ئەنجامـی نایات تاوانبار ئەبێت وشایستەی سزادانـە

(بــەڵام بـەشێ لەزانایان بەتایبەت ـی حەنەفـیەکان بـڕوایان وایە واجب وفەرز جیاوازیـان هەیە ئەڵێن واجب بــریتیە لەوشـتەی کەزانایـەکی موجتەهید (بەڵگەی ظنی) بەپشت بەستن بەهەندێ بەڵگە بۆی دەرئەکەوێت کـەئەنجامدانی ئەو کـارە واجــبە وەک وتر و قوربانیکردن بـەڵام فـەرز بریتیە لەوەی کـەبەڵگەی یـەکلاکەرەوە ئاماژەی پێکراوە وەکـ پێنج نوێژەکـە و زەکات وهاوشـێوەکـانی وە جیاوازیکـردن لەنێوان واجب و فـەرز ڕیواتێکشە لە ئیمام ـی احمد) (١)

الآمدي ئەفـەرموێت: (جیاوازی نیـە لەنێوان فەرز و واجب لەلایان شافعیەکـان بەڵام حەنەفیـەکان بڕوایان وایە فەرز بەو شتانە ئەوترێ کەبەبەڵگەی یـەکلاکەرەوە بەڵگە لەسەر فەرزبونی هاتوە بەڵام واجب بەوشـتانە ئەوترێ کەبەڵگەکـان لەسەری بەڵگەی (ظنی یـە) واتا لای زانایـەک بەواجب دەرئەکەوێت لای زانایـەکی تر بەواجب دەرناکـەوێت)(٢)

(١): الواضح في أصول الفقه لابن عقيل (3/ 201)
(٢): لە أصول الأحكام للآمدي (1 / 99)

جیاوازی نێوان بەڵگەی ظنی وبەڵگەی قطعی (یەكلاكەرەوە چیە ؟)

بەڵگەی ظنی بریتیە لەوبەڵگەیەی كەزیاد لەواتایەک هەڵ ئەگرێت بۆنمونە ئایەتی الله تعالی دەفەرموویێت:

(وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ)(١)

ثلاثة قُروء - هەنێ زانا ئەفەرموون واتا سێ پاكبونەوە هەنێ تر ئەفەرموون واتا سێ حەیض ئەم جۆرە دەلیلە پێی ئەوترێ دلیل ی ظنی چونكە بەڵگەكە زیاد لەواتایەک هەڵ ئەگرێت بەڵام دلیل ی قطعی یەكلاكەرەوە بۆنمونە وەک ئایەتی :

(حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ ..)(٢)

دایک وكچەكانتان لەسەرتان حەرامم كردووە.

جا حەنەفیەكان و ڕیوایەتێ لەئیمامی احمد بڕوایان وایە فەرز بەوشتانە ئەوترێ بەبەڵگەی قطعی فەرزكراوە بەڵام واجب بەوشتانە ئەوترێ بەدلیل ی ظنی بەڵگەی لەسەر هاتوە

بەڵام وتەی ڕاجح ئەوەیە فەرز و واجب جیاوازی نیە وە ئەو ڕاجیاوازیەش لەم بارەیەوە هاتوە ڕاجیاوازیەكی لەفزیە چونكە هەردوولا كۆكن لەسەر ئەوەی فەرز و واجب پێویستە مرۆڤ ئەنجامی بات ئەگەر ئەنجامی نەیات ئەوا شایستەی سزادانە وتاوانبارە

(١): سورة البقرة آية 228
(١): سورة النساء آية 23

مانا ومەبەستی لەفز و وشە شەرعی

①تەکفیری مطلق چیە ؟

بریتیە لەوەی زانایان فەرموویـانە هەرکەسـێ ئەوقسەیە بـکات یان ئەو وتەیە بڵێ ئەوا کـافرە ئەوە پێی ئەوترێ تەکـفیری موتڵەق واتـا ئەوکار وگوفتارە کوفری گەورەیە

②تەکفیری موعەیەن چیە ؟

بریتیە لەوەی ئەوترێ فـڵان شەخس کەناوی زەیدە یان ناوی عەمرە کـافر ومورتەدە

③ئیقامە حوججە چیە؟

بریتیە لەهێنانەوەی بەڵگەکانی قورئان وسونەت وخوێندنەوەی بەسەر ئەوکەسەدا کەئەو حوکمە شەرعیەیی پێ نەگەیشتوە بەجۆرێ هیچ گوومانێکی نەمێنێت لەوبابەتەدا

④بلوغ ـی حوجە چیە؟

بریتیە لەوەی حوکمـی شەرع لەوبابەتەدا گەیشتوە بەگوێی خەڵکی ئەگەرچی بەڵگەکانیشیان پێ نەگەشتبێت تەنها ئەوەندەی پێیان گەیشتبێت حوکمی فلانەشت لەشەرعدا بریتیە لەوحوکمە ئەوا پێی ئەوترێ بلوغ ـی حوجە واتا بەڵگەی پێ گەیشتوە

⑤ازالة الشبهة (لادانی گومان)

واتا ئەوکەسەی هەندێ گومانی لادروست بوە لەسەر بابەتێکی شەرعی بەشێوەی سەحیح بابەتەکەی پێ نەگەیشتوە بەم کەسە ئەوترێ شوبهەی هەیە بۆیە شوبهەکانی بەبەڵگەی شەرعی بۆ ڕون ئەکرێتەوە ئەم خاڵە ئەچێتە ناو بابەتی (ئیقامە حوجەوە)

⑥جەهل چیە

بریتیە لەنەزان بونی بەبابەتێکی شەرعی جەهل دووجۆرە
یان ئەوەتا هەوڵ نادات وخۆی فێرناکات ئەمەیان پێی ئەوترێ جاهلێکی پشت هەڵکەر لەخۆفێرکردن بەعلمی شەرعی
یان جاهلێکە هەوڵ ئەدات و بەشێک لەعلمی بەدەست هێناوە بەڵام نەگەیشتوە بەهەقیقەتی بابەتەکە

⑦تەئویل چیە ؟

تەئویل دووجۆرە : تەئویلی دروست بەواتای تەفسیرکردنی وتەی الله وڕسولەکەی بەوشێوەی الله ورسولەکەی صلی الله علیه وسلم مەبەستیانە وزیاتر ڕونکردنەوەی وتەکەیان کەئەم جۆرە زیاتر پێی ئەوترێ تەفسـیر وەک تەفسیری طبری وابن کثیر ..هتد

تەئویلی سەرزەنشتکراو ئەم جۆرەیان بریتیە لەوەی مانای وشەکانی الله تعالی ورسولەکەی صلی الله علیه وسلم ئەگۆڕێت جائەم ماناگۆڕینە یان لەبەرئەوەیە کەسەکە دەقی شەرعی پێنەگەیشتوە لەوبابەتە یان دەقێکی شەرعی پێگەیشتوە بەهەڵە لێی تێگەیشتوە یان ئەوەتا پێی وایە مەنهەجی سەلەف لەم بابەتەدا بریتی بوە لەتەئویلکردن بەوشێوەیە(کەواتـا تەئویل جۆرێکە لەجەهل واتا کەسەکە زانستی تەواوی پێ نەگەیشتوە لەم بابەتەدا)

⑧بابەتە ئاشکراکانی دین چیە مەبەست پێی چیە؟

بابەتە ئاشـکراکانـی دین ئەوبابەتانەن کەئاشکران عوزر بەجەهل ـی تێدانیە خاوەنەکەی کافـرە وعوزری پێ نادرێت بەجەهل وبەتەئویل

چۆن بابەت ئاشکرا بناسین؟

بابـەتە ئـاشکراکان ـی دین بریتین لەوبابەتانەی

① کە دەقی قورئان وسونەت وئیجماعیان لەسەرە پێی دەوترێ معلوم من الدين بالضروره ـن (واتە پێویستیەکی زانراوە لەدین ـدا) ئایا معلوم من الدين بالضرورة چیە ؟

المرداوي رحمه الله ـدەفەرمویت : (ومعنى كونه معلوماً بالضرورة أن يستوي خاصة أهل الدين وعامتهم ، في معرفته ، حتى يصير كالمعلوم بالعلم الضروري كأعداد الصلوات ، وركعاتها ، والزكاة ، والصيام ، والحج ، وزمانها ، وتحريم الزنا ، والخمر ، والسرقة ، ونحوها) (١)
مانای زانراویەکی پێویستە لەدین واتا عالم وعەوام یەکسانن لەزانینی ئەو بابەتەدا هەموویان دەیزانن تاوای لێ هاتوە بۆتە زانستێکی پێویست وەک ژمارەی نوێژەکان و ڕکاتەکانی و زەکات و ڕۆژوو و حەج و کاتەکەی وحەرام ـی زینا وئارەق و دزی وهاوشێوەکان ـی .

مەرجی دووەم
② جاری واهەیـە بابەتەکە معلوم من الدين بالضرورة نیـە بەڵام دەقێکـی لەسەر هاتوە دەقەکەش بڵاوە (مشهورە) لەلای عالم وعەوام ـی ئومەت ئەمەش دیسان هەمان حوکم ـی معلوم من الدين ـی هەیە بەڵام پلەیەک لەخوار معلوم من الدين بالضرورة یە

مەرجی سێهەم
③ جاری واهەیە دەقێک لەقورئان وسونەت نەهاتوە بەڵام ئیجماع ـی لەسەرە و ئیجماعەکەش گەیشتوە بەعالم وعەوام ـی ئومەت ئەمەش لەسەر وتەی ڕاجح و دروست بەحوکم ـی بابەت ـی ئاشکرا حساب ـە چونکە حوکمەکەی گەیشتوە بەهەمووان و هەموان پێیان گەیشتوە

(١): "التحبير شرح التحرير" (4/1680).

شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله ـدەفەرمویێت : (ولهذا يكفر جاحد الأحكام الظاهرة المجمع عليها وإن كان عاميا، دون الخفية) (١)
بەوشێوەیە ئەوکەسەی جەحدی حوکمە ئاشـکراکان ئیجماعیەکان دەکات کافر دەبێت ئەگەرچی کەسێکی عەوامیش بێت جیاواز لەبابەتە خەفیەکان .

کەواتـە مەرجە بابەت ـی ئاشکرا ئیجماع ـی بێت واتا بابەتـی خیلافی نابێت بەبابەتی ئاشـکرا چونکە حوکمەکەی شاراوەیە لەلای بەشێ لەزانایان بۆیە بۆتە خیلاف ـی

پێوەری بابـەتی ئاشـکرا چیە بۆ تەکـفیر ؟

ئیمام ـی النووي رحمه الله ـدەفەرمویێـت : (أطلق الإمام الرافعي القول بتكفير جاحد المجمع عليه، وليس هو على إطلاقه، بل من جحد مجمعاً عليه ، فيه نص، وهو من أمور الإسلام الظاهرة التي يشترك في معرفتها الخواص والعوام ، كالصلاة، أو الزكاة، أو الحج، أو تحريم الخمر أو الزنا ونحو ذلك فهو كافر.)

(١): " المستدرك على مجموع الفتاوى " (2/ 254).

ئیمام ـی رافع ـی حوکم ـی یاوە بەتەکفیری ئەووکەسەی جەحدی شتێ بکات کەئیجماع ـی لەسەرە ئەم بابەتەش بەرەهایی نیە بەڵکو (هەرکەسێ جەحدی بابەتێکی ئیجماع ـی بکات کەدەق ـی لەسەر هاتبێت وەلەبابەتە ئاشکراکان ـی ئیسلام بێت کەعالم وعەوام بیزانن وەک نوێژ یان زەکات یان حەج یان حەرام ـی ئارەق و زینا وهاوشێوەی ئەمانە ئەوا ئەوکەسە کافرە (کەواتا مسائل ـی ئاشکرا ئەوەیە دەقی لەسەر هاتوە وە ئیجماع ـی لەسەرە وە بەربڵاوە لەناو خەڵکدا بەجۆرێ عالم وعەوام ئەوشتە ئەزانێت ئەمە پیێی ئەووترێ بابەت ـی ئاشکرا عوزر بەجەهل وتەئویل ـی تێدانیە)

⑨بابەتە خەفیەکان شاراوەکان چین؟

بریتین لەوبابەتانەی بەڵگەکانی لەلای خەڵکی بەڵکو لەلای بەشێ لەزانایان شاراوەیە و لای زۆرێ لەموسڵمانان ئەوبەڵگانە شاراوەن و دیار وئاشکرانین بۆیە ئەوەی لەبابەتێکی شاراوەدا تێبکەوێت تەکفیرناکرێت تا ئیقامە حوجە و ازالة الشبهة ئەکرێت

بۆنمونە / بەدەق ـی ئایەت و سونەت وئیجماع کەسێ تەئویل ـی سیفەتێکی الله بکات کافرە (ئەمە تەکفیری موتڵەقە)

لەسەردەمی سەلەف زانایان ی ئەهلی سونەت تەکفیری زانا جەهمیەکانیان دەکرد(بەموعەیەنی) چونکە وتەی زانایانی ئەهلی سونەت لەسەر تەکفیرکردن ی جەهمیەکان گەیشتبوو بەگەورە ومنداڵ بەپیاو وبەئافرەت بەزانا ونەزان بۆیە عوزریان نەئەیا بە زانا جەهمیەکان بەڵام موقەلیدە جەهیمیەکانیان تەکفیرنەئەکرد چونکە ئەوان بەتەئویلی هەڵە شوێن جەهمیەکان کەوتبون

وە لەسەردەمی ابن تیمیە رحمە اللە تەکفیرکردن لەسەر تەئویل ی سیفات بوو بەبابەتێکی شاراوە بۆیە سەرەڕای چەندین مناقشە لەگەڵ زانا جەهمیەکان تەکفیری نەدەکردن چونکە بابەتەکە شاراوە بوو لەلای زۆربەی زاناکان و زۆربەی عەوام ی خەڵک

شێخ دەفەرموێت رحمە اللە: (وَكَثِيرٌ مِنْ النَّاسِ قَدْ يَنْشَأُ فِي الْأَمْكِنَةِ وَالْأَزْمِنَةِ الَّذِي يَنْدَرِسُ فِيهَا كَثِيرٌ مِنْ عُلُومِ النُّبُوَّاتِ ، حَتَّى لَا يَبْقَى مَنْ يُبَلِّغُ مَا بَعَثَ اللَّهُ بِهِ رَسُولَهُ مِنْ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ ، فَلَا يَعْلَمُ كَثِيرًا مِمَّا يَبْعَثُ اللَّهُ بِهِ رَسُولَهُ ، وَلَا يَكُونُ هُنَاكَ مَنْ يُبَلِّغُهُ ذَلِكَ ، وَمِثْلُ هَذَا لَا يَكْفُرُ وَلِهَذَا اتَّفَقَ الْأَئِمَّةُ عَلَى أَنَّ مَنْ نَشَأَ بِبَادِيَةٍ بَعِيدَةٍ عَنْ أَهْلِ الْعِلْمِ وَالْإِيمَانِ ، وَكَانَ حَدِيثَ الْعَهْدِ بِالْإِسْلَامِ ، فَأَنْكَرَ شَيْئًا مِنْ هَذِهِ الْأَحْكَامِ الظَّاهِرَةِ الْمُتَوَاتِرَةِ : فَإِنَّهُ لَا يُحْكَمُ بِكُفْرِهِ حَتَّى يَعْرِفَ مَا جَاءَ بِهِ الرَّسُولُ) (١)

(١): مجموع الفتاوى " (11/407).

واتە: زۆرێک لەخەڵکی لەشوێن وسەردەمێکدا دەژێت کە زۆرێک لەزانستەکانی پێغەمبەرایەتی تێدا کاڵ دەبێتەوە تا وای لێ دێـت کەس نامێنێتەو ئەو دینە بگەیەنێت کە الله پێغەمبەری پێ ڕەوانەکردوە صلی الله علیە وسلم لەقورئان ولەسونەت بۆیە زۆرێ لەوەی الله پێغەمبەری پێ ناردوە نازانرێت وەکەسیش نیە پێی بگەیەنێت هاوشێوەی ئەمە کافرنابێت هەربـۆیە زانایان وپێشەوایان کۆڕان کەئەگەر کـەسێـک لەدەشتایەکی دوور لەئەهل ـی علم وئیمان بژێت وە کەسێ تازە بوبێت بەموسڵمان نکۆڵی شـتێ لەحوکم ـی دیارە متواترەکان ـی ئیسلام بکات تەکفیرناکـرێت تاوەکـ ئەوەی فێر دەکرێت کەپێغەمبەر صلی الله علیە وسلم پێی هاتوە .

⑩جیاوازی نێوان وشەی مجمل و تەفسیل چیە؟

وتەی مجمل بریتیە لەو وتەیەی پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە و مانا هەڵئەگرێت بۆنمونە ئایەتی الله تعـالی دفەرمووێت :

(وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلاثَةَ قُرُوءٍ)(١)

الله لێرەدا فەرموویەتی ئەوانەی تەڵاق ئەدرێن سێ(قروء) چاوەڕێ بکەن سێ قروء لێرەدا مانای دوو وشە ئەدات بەمانای پاکبونەوە لەسێ حەیز وەبەمانای کەوتنە ناو سێ حەیزەوە دێت

(١): سـورة البقرە آیـە 228

یان الله ئەفەرموێت : (وَأَقِيمُوا الصَّلاة) (١)

نوێژبــکەن , بەڵام چۆنیەتی نوێژکردنەکە پێویستی بەوردکاری وڕونکردنەوە هەیە کەلەشوێنی تردا ڕونکراوەتەوە بۆیە دەقی مجمل بەودەقە ڕون ئەکرێت کەتەفسیلی داوە بەچۆنیەتی ووردەکاریەکان

بەهەمان شێوە لەوتەی زانایان وتەی مجمل هەیە بۆنمونە زانایەک ئەفەرموێ نوێژنەکەر کافرە بەڵام ئـایا مەبەستی ئەوکەسەیە بەیەکجاری وازلەنوێژ دێنێت یان مەبەستی ئەوەیە ئەوەی یەک نوێژیش نەکات کافرە بۆیە لێرەدا پێویستی بەتەفسیلە چونکـە وتەکە مجملە و بەتەواوی ڕونی نەکــردۆتەوە

یان زانــایەک ئەفەرموێت ئەوەی وابڵێت کافرە بەڵام نازانین ئەم زانایە بێ عوزردان بەجەهل تەکفیری خاوەن ئەو وتەیە ئەکات یان دوای ئیقامە حوجە بۆیە پێویستی بەتەفسیل و وردەکاریە لەم کاتەدا ئەم وتە مجملە ـی ئەوزانایە بەتەفسیلی وتەی زاناکانی تر شەرح ئەکەین کەزاناکانی تر ڕونکردنەوەی وردتریان لەوبارەیەوە وتوە بۆیە وتەی مجمل ئەوتەی ڕونکراوە و تەفسیل پێدراوە شەرح ئەکرێت

(١): سورة البقرە آیە 43

①① ڕیدە چیە وچەند جۆرە؟

الردة واتا هەڵگەڕانەوە لەئیسلام بەوتەیەکی کوفری گەورە یان کردارێکی کوفری گەورە یان بیروباوەڕێکی کوفری گەورە

الردة مجردة چیە

بریتیە لەوەی کەسەکە تەنها هەڵئەگەڕێتەوە لەئیسلام بەڵام هیچ دژایەتی ئیسلام ناکات نەبەوتە بەکردەوە ئەم جۆرە پێش ئەوەی بکوژرێن داوای تەوبەیان لێ ئەکرێت تەوبەنەکەن ئەکوژرێن

الردة مغلظة چیە؟

بریتیە لەوەی سەرەڕای مورتەدبونەوەی لەئیسلام بەوتە یان کردار دژایەتی ئیسلام وموسڵمانان ئەکات ئەم جۆرەیان بێ داوای تەوبە لێکردن ئەکوژرێن ئەگەر لەشەڕدا دەستگیربکرێن ئەوا حوکمیان کوشتنە بەڵام گەر پێش زاڵبونی موسڵمان بەسەریاندا تەوبە لەکوفرەکەی بکات ئەوا تەوبەکەی لێ وەرئەگیرێت وناکوژێت

②①حوكم بەغەیری ماانزل الله لەقەزیەیەكدا چیە و لەتەشریع ـدا چیە

حكم بغیرماانزل الله لەقەزیەیەكدا بریتیە لەو دادوەرەی یاسای دەوڵەتەكەی هەمووی یاسای ئیسلامە بەڵام بۆنمونە كەسێكی ناسراوی دزی ئەكات دەستی نابڕێت ئەمە پێ ئەوترێ لەڕووداوێكدا حوكمی بەشەرع نەكردووە بەڵام یاسای دەست بڕین دزی بەگشتی نەسڕیوەتەوە لەسیستەمی دەوڵەتەكەیدا بەڵام حكم بغیر ماانزل الله لەتشریعی عام بریتیە لەوەی حاكمی دەسەڵاتدار بڕیارێك دەرئەكات یاسای دەست بڕینی دز لەسیستەمی حوكمڕانی ئەسڕێتەوە ئەڵێ سزای دزی بریتیە لەسجن

③① تەبدیلی حوكمی الله چیە ؟

تەبدیل دووجۆرە

جۆری یەكەم / بریتیە لەوەی كەسێك بەدرۆوە حوكمێك بداتە پاڵ ئیسلام بۆنمونە حەدی دز دەست بڕینە ئەوبڵێت سزای دز لەئیسلامدا سجنە ئەمە پێی ئەوترێ تەبدیل

جۆری دووەم بریتیە لەوەی حاكم حوكمی ئیسلام لەوڵات لادەدات یاسای دەستكرد ئەخاتە شوێن حوكمی الله بەبێ ئەوەی بڵێت ئەم یاسا دەستكردە یاسای ئیسلامە

④①کفر دون کفر چیە؟

بریتیە لەکوفری بچوک چونکە کوفری بچوک بریتیە لەو کوفرەی کەخاوەنەکەی لەئیسلام دەرناکات بەڵام تاوانەکەی هێندە گەورەیە بەکوفری بچوک ناوئەبرێت وەک سوێند خواردن بەغەیری الله وحوکم نەکردن بەشەرعی الله لەقەزیەیەکدا(لەڕوداوێکدا)

⑤①کوفری گەورە چیە؟

بریتیە لەوکوفرەی خاوەنەکەی لەئیسلام ئەکاتە دەرەوە پێی ئەوترێ مورتەد وەک ئەوحاکمەی کەتەشریع دائەنێت و حەڵاڵ وحەرام بەهەواو ئارەزووی خۆی بۆخەڵکی دائەڕێژێت

⑥①طائفة الممتنعة چیە؟

بریتیە لەوکۆمەڵەی کەخاوەن هێز وچەکدارن بەزەبری هێز وچەک ڕێگری لەجێ بەجێکردنی یاسایەکی ئیسلام ئەکەن وەک مانعی زەکات کەلەسەردەمی هاوەڵان پەیدابوون و شەڕیان لەدژکرا وکوژران وبەمورتەد ناوبران

جیاوازی چیە لەنێوان خولع وطلاق و الفسخ

①طلاق
بریتیە لەکۆتایی هێنان بەپەیوەندی هاوسەرگیری لەلایەن پیاوەوە وە بەدەربڕینی چەند وشەیەکی تایبەت

②الفسخ
بریتیە لەهەڵوەشانەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەبنچینەو بناغەوە فسخ بەهۆکاری حوکمێکی شەرعی ڕوودەدات یان بەبڕیاری دادوەری شەرعی

جیاوازی ئەو دووحاڵەتە چیەلەڕووی حوکمەوە ؟

ئیمام ـ الشافعي ئەفەرموێت : (كل ما حُكِمَ فيه بالفرقة ، ولم ينطق بها الزوج ، ولم يردها ... فهذه فرقة لا تُسمَى طلاقاً) (١)
هەربڕیارێک لەبارەی جیاکردنەوەی ژن ومێردبدرێت بەویست و لەفزی پیـاوەکە نەبێت ئەم جیابوونەوەیە ناونانرێت بەطەلاق .

(١): "الأم" (5/ 128) .

تەڵاق لەواقعدا ئەكرێ لەبەر هۆكارێ رووبات وئەكرێ كەسانێ هەبن بەبێ هۆكار ژنەكەی خۆی تەڵاق باتبەڵام الفسخ هەرگیزبێ هۆكار رووندادات بەڵكو ئەبێت هۆكارێكی شەرعی لەئارادبێت بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو زواجە بۆنمـونە ئەگەر ژن یان پیاو لەئیسلام هەڵگەڕێتەوە وسووربێت لەسەرئەوەی نەبێتەوە بەموسڵمان ئـەوا ئەو گرێبەستی زواجە (الفسخ) ئەبێت واتا لەڕەگەوە هەڵ ئەوەشێتەوە

- بێ توانای مێرد لەنەفەقەی خێزانەكەی
- بوونی عەیبێك لەهەریەكێكیان كەژیانی هاوسەرگیریان پەك بخات

جـــیاوازیەكی تر بریتیە لەوەی لەحاڵەتی الفسخ(هەڵوەشانەوەی گرێبەستی زواج) مێرد ناتوانێت ئافرەتەكە بگەڕێنێتەوە تەنهـا بەگرێبەستێكی نوێ نەبێت وە بەڕەزامەندی ئافرەتەكە خۆی نەبێت

بەڵام لەتەڵاقی یەكەم و دووەم پیاو ئەتوانێت ئافرەتەكە بگەڕێنێتەوە جایەكسانە ئافرەتەكە ڕازی بێت یان ڕازی نەبێت

③ڕوودانی هەر الفسخ (هەڵوەشانەوەیەکی عەقدی زواج) بەژمارەکانی تەڵاق دانانرێت

ئیمام ـی شافعي ئەفەرموێت : (وكل فسخٍ كان بين الزوجين فلا يقع به طلاق) (١)
هەر هەڵوەشانەوەیەکی عەقدی زواج لەنێوان ژن ومێرد بەتەڵاق دانانرێت

④ تەڵاقدانان لەدەسەڵات ومافی پیاودایە بڕیاری دادوەر بەمەرج ناگیرێت بەڵکو بەڕێکەوتنی نێوان ژن ومێردە بۆجیابونەوەیان لەیەکتری بەڵام الفسخ بەهۆی هۆکارێ شەرعیە وبەبڕیاری دادوەری شەرعی و سەیری ڕازی بونی مێردەکە ناکرێت تەنها لەحاڵەتی خلع نەبێت

⑤ حاڵەتی الفسخ ڕوویدات پێش گواستنەوە وجووت بووون هیچ بەشێ لەمارەی بۆئافرەتەکە نیە بەڵام لەتەڵاقدان پێش گواستنەوە وجووت بوون نیوەی مارەیی دەستنیشانکراو ئەدرێ بەئافرەتەکە (وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ..)

(١): "الأم" (5/ 199) .

الخــلع ـ بریتیە لەوەی ئافرەت داوای جیابونەوە ئەکات لەبەرامبەر سازشکردنی لەمارەیەکەی خۆی یان بەشێ لەمارەیەکەی یان لەبەرامبەر قەرەبوویەکی دارایی

زانایان ڕاجیاوازن ئایا الخلع هەر الفسخ ـە یان الطلاقە ؟
ئەمە خیلافی لەسەرە بەشێ لەزانایان فەرموویانە : (وأما إذا كان الخلع بلفظ الطلاق ، كقوله : طلقت زوجتي على مال قدره كذا ، فإنه يكون طلاقا في قول جماهير أهل العلم)(١)
ئەگەر الخلع ـەکە بەلەفزی تەڵاق بێت وەک بڵێت خێزانەکەمم تەڵاقداوە لەبەرامبەر ئەوەنە پارە ئەمە لەسەر وتەی جمهوری زانایان بەتەڵاق حسابە

(بەڵام ڕیوایەت کراوە لەابن عباس وە ابن تیمیە فەرموویەتی ئیمام ـی احمد و هاوەڵە پێشینەکان لەسەر ئەوەبوون کەالخلع بەتەڵاق حساب نیە ئەگەرچی بەلەفزی تەڵاق ئەکرێت) (٢)

(١): "الموسوعة الفقهية" (19/237).
(٢): "الإنصاف" (8/393).

جائەگەر خلع بەشێ بێت لە الفسخ ئەوا بەعەقدێ نوێ و ڕازی بون مێرد ئەتوانێت ئافرەتەکە بگەڕێنێتەوە

بەڵام لەسەر وتەی ئەوانەی ئەڵێن الخلع بەشێ نیە الفسخ بەڵکو تەڵاقی گەورەیە ئەوا لەسەر وتەی ئەوزانایانە پیاو ناتوانێت ئافرەتەکە بگەڕێنێتەوە تائافرەتەکە شوویەک ئەکات وتەڵاق ئەدرێت

فاسق وكـافر ومنافق وجۆرەكـانی چین؟

الله تعالی فەرموویـەتی

(وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ) (١)

بەڵام الله تعالی ئیمان و بڕوای لا خۆشەویست كردن وە لە نێو دڵتانا شیرینی كردو ڕازانیەوە لەهەمان كـاتدا كوفر وفیسق و مەعصیەت ـی لاناشرین كردن

كەواتـا پێویستەبزانین كوفر وفسق ونیفاق چیە چونكـە گەرنەزانیت ئەوا تێ ئەكەوێت وەكەتـێ كەوتیت ئەوا الله تعالی لەبارەتەوە ئەفـەرموێت

(إِنَّ اللَّـهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعًا)(٢)

الله تعالـی كافران و دووڕوان لەدۆزەخا پێكەوە كـۆئەكاتەوە .

(١): سـورة الحجرات آية ٧

(٢): سـورة النساء آية ١٤٠

①فاسق کێیە ؟
بریتیە لەوکەسەی لەگوێڕایەڵی الله تعالی وپێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم دەرەچێت وە ئەم فسق ـە دووجۆرە

فسق ـی گەورە :- هەرکەس ئەنجام ـی بات لەئیسلام دەرئەچێت وئەبێت بەکافر ئەم جۆرە فسق ـە وەک سەرپێچیکردن ـی ابلیس ـە بۆفەرمانی الله تعالی بەهۆی خۆبەگەورەزانین ملکەچ ـی فەرمانی الله تعالی نابێت وفەرمانی الله ڕەدئەکاتەوە وەک نمونەی ابلیس قال الله تعالی :

(إِلّا إِبليسَ كانَ مِنَ الجِنِّ فَفَسَقَ عَن أَمرِ رَبِّهِ) (١)

ئەوانیش هەموو دەست بەجێ فەرمانەکەیان پیادەکردو کڕنووشیان برد، (ئیبلیس) نەبێ ئەو لە (جن) بوو، لە فەرمانی پەروەردگاری خۆی دەرچوو.

فسق ـی بچوک:- کەبریتیە لەسەرپێچی لەفەرمانی الله تعالی لەبەر هەواو ئارەزوو بەبێ خۆبەگەورەزانین بەرامبەر فەرمانی الله تعالی بەبێ ڕەدکردنەوەی فەرمانی الله وە خۆبەتاوانبار بزانیت کاتێ فەرمانێکی الله پێشێل ئەکەیت ئەم جۆرە فسق ـە پێی ئەوترێ فسق ـی بچوک خاوەنەکەی لەئیسلام دەرناکات

(١): سورة الكهف آية ٥٠

بـەکێ ئەوترێ فاسق ؟
بەوکەسـەی تاوان بەئاشکرا ئەکات وەبەردەوامە لەسەر تاوان

② کـــافر کێیە؟
کوفر بریتیەلەدژی ئیمان لەوتە ولەکـردار ولەبیروباوەڕ کافریش ئەوکەسـەیە کە هەڵ ئەسێت بەئەنجامدانی بـۆنمونە کەسێ لەدڵدا بڕوای بەشتێ لەئیسلام نەبێت ئەمە پێی ئەوترێ کافری اعتقادی یان کوفری تکذیب

یـان کەسێ بەزمان نکۆڵی لەشتێ بکات لەئیسـلام بەڵام لەدڵیشەوە بڕوای پێی بێت ئەمە کـافرە بەدەربڕینی کوفر بەزمان وە کوفرەکەی کوفری جحود وعنادە

یان کەسێ بەلاشـە ملکەچ نەبێت بۆشەرعی الله تعالـی وکار بەتەوحید نەکات ئەمە کوفری کرداری ـە لەجۆری کوفری کوفری الاعراض (پشت هەڵکردن) واستکبار(خۆبەگەورەزانین) ـە

کـافر پێچەوانەی موسڵمانــە چونکە کەسی کافر کوفر پیشان ئەیـات بەڵام موسـڵمان ئیسـلامەتی پیشان ئەیـات

③مناڤق کێیە؟

بریتیە لەوکەسـەی کوفری شاردۆتەوە بەڵام لەڕووکەشدا ئیسـلامەتی پیشان ئەیات وکردار و وتەی کوفری دەرنابڕێت بەڵام لەدڵەوە بڕووای بەشەرع ـی ئیسلام نیە وەڕقی لەئیسلام وموسڵمانانە حەز بەشکستی موسڵمانان ئـەکات بەڵام لەڕووکەشـدا کوفر پیشان نایـات تا زیان لەموسڵمانان بات ئەم جۆرە الله تعالی لەبارەیانەوە ئەفـەرمووێت:

(إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا)(١)

دووڕووەکان لەچینی هەرە خواری ئاگری دۆزەخدان و تۆش هەرگیز ناتوانیت یارمەتیدەرێکیان بۆ پەیداکەی.

مناڤق دووجۆرە

جۆری یەکەم :- کـافرە کەئەوکەسـەیە کووفری لەدڵ شاردۆتەوە وئیسلامەتی پیشـان ئەیات

تێبینی : ئەکرێت کەسـی مناڤق هەندێجار نیفاقەکەی دەربکەوێت وەک چۆن مناڤق ـەکانی سەردەم پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەنێ جار نیفاقەکانیان دەرئەکەوت لەگاڵتەکردن بەدین و تحاکم بـۆلای طاغوت و پشتوانیکردن لەکافران ..هتد

(١): سـورة النساء آیـة ١٤٥

وە هەرکـاتێ کەسـی منافق کوفری گەورەی دەرخست ئەوکـاتە ناوی مورتەد ئەیگرێتەوە ومامەڵەی مورتەدی لەگەڵ ئەکرێت بەڵام تاکوفر پیشان نەیـات ئێمە نازانین کێ لەدڵەوە موناقق ـە بۆیە بەپێی ڕووکەشـەکەی مامەڵەی لەگەڵ ئەکەین کەئیسلامی پیشانمان ـدا مامەڵەی موسڵمانی لەگەڵ ئەکەین هەرکات کوفری دەرخست مامەلەی کافری لەگەڵ ئەکەین

جۆری دووەم :- نیفاق بریتیەلەنیفاق ـی بچوک کەخاوەنەکەی لەدین دەرناکات بەڵام سیفەتێکە لەسیفەتەکـانی نیفاق لەوکەسـەدا پێی ئەوترێ نیفاق ـی کرداری یان نیفاق ـی بچوک کەخاوەنەکەی لەبازنەی ئیسلام دەرناکـات

وەک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم : (أَرْبَعٌ مَن كُنَّ فيه كانَ مُنَافِقًا خَالِصًا، ومَن كَانَتْ فيه خَصْلَةٌ منهنَّ كَانَتْ فيه خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حتَّى يَدَعَهَا: إذَا اؤْتُمِنَ خَانَ، وإذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وإذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وإذَا خَاصَمَ فَجَرَ) (١)

چوار شت هەیە لەهەرکەسـێکا بێت ئەوا منافقێکی تەواوە وەهەرەسـێ سیفەتێ لەم سیفەتانەی تێدابێت ئەوا سفەتێکی منافق ـی تێدایە تاوازی لێ یەنێت.

(١): أخرجه البخاري (2459)، ومسلم (58)

①ئەمانەت ـی لادانرێت خیانەتی لیٚ ئەکات
②قسە بکات درۆ ئەکات
③ ناپاکی لە پەیمان ئەکات
④ زیادەڕوی لەکێشە وناکۆکیدا ئەکات بەجۆریٚ قسەی باتڵ و درۆئەکات تاخۆی سەربخات .

ئایا هەرکەسیٚ ئەوچوار خاڵەی تێدابوو تەکفیری بکەین ؟
وەڵام نەخــێر چونکە مەبەست ـی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەوەیە وەک ئیمام ـی النووی فەرمویەتی قال جماعة من العلماء: المراد به المنافقون الذين كانوا في زمن النبي صلى الله عليه وسلم ... وهذا قول سعيد بن جبير، وعطاء بن أبي رباح، ورجع إليه الحسن البصري، بعد أن كان على خلافه، وهو مروي عن ابن عباس، وابن عمر.. کۆمەڵیٚ لەزانایان فەرموویانە مەبەست پێی منافقەکان ـی سەردەمی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم کەلەسەردەم ـی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەنها منافقەکان هەرچوار سیفەتەکەیان تێدابوو ... ئەمەش وتەی سعیدی کوڕی جبیر وعطاء ـی کوڕی رباح وحەسەن ـی بەصڕیە لەپاش ئەوەی حەسەن لەسەر پێچەوانەی ئەم بۆچونەبوو بەڵام گەڕایەوە بۆئەم بۆچوونە وە ڕیوایەتیش کراوە لەابن عباس وابن عمرەوە ..

واتـا لەسەر وتەی ئەم زانایـانە لەوسەردەمەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەنها منافق ئەوچوارسیفەتەی هەبوە لەیەک کاتدا هیچ موسڵمانێ نەبووە هەرچوارسیفەتەکەی تێدابێت بۆیە رسول الله صلى الله عليه وسلم کەعلم ـی بەحاڵێ منافقەکان بوە فەرموویەتی ئەوەی ئەوچوار سیفەتەی تێدابێت منافق ـە .

وەهەر ئیمام ـی نەوەوی ئەفەرموویێت : (وقد نقل أبو عيسى الترمذي معناه عن العلماء مطلقا فقال: إنما معنى هذا عند أهل العلم: «نفاق العمل»

ئەبو عیسا ـی الترمذی لەزانایان گێڕاویەتیەوە کەواتای ئەوەیە هەرکەسێ ئەوچوار سیفەتەی تێدابێت نیفاق کرداری تێدایە (واتا بەکردار نیفاق ـی بچوکی تێدایە)

الخطابي ئەفەرموویێت : (أن معناه: التحذير للمسلم، أن يعتاد هذه الخصال التي يخاف عليه أن تفضي به إلى حقيقة النفاق
وحكي أيضا عن بعضهم: أن الحديث ورد في رجل بعينه منافق وكان النبي صلى الله عليه وسلم لا يواجههم بصريح القول؛ فيقول «فلان منافق» وإنما كان يشير إشارة؛ كقوله: «ما بال أقوام يفعلون كذا وكذا)(١)

(١): السراج الوهاج من كشف مطالب صحيح مسلم / محمد صديق حسن خان 1/145

ماناکـەی ئەوەیە موسڵمان ئاگاداربێت لەوەی خۆی ڕانەیەنێت لەسەر ئەو سیفاتانە کەترسی ئەوەی لەسەرە سەربکێشێت بۆ نیفاقی هەقیقی .
وە هەنێ تر لەزانایـان فەرموویـانە ئەم فەرموودەیـە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی مەبەست پیاوێکی منافق بوو بەڵام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ناوی ئاشکرا نەئەکـرد بڵێت فڵان کەس منافق ـە بەڵکـو بەئاماژە قـسەی ئەکرد وەک چۆن ئەیفەرموو
خەڵکـانێک هەن ئاوا وئاوا ئەکـەن.

وە هەریـەکێ لەوسیفاتانە درۆ یان پەیمان شکاندن یان خیانەت لەئەمانەت یان فجور لەناکۆکیدا هەریـەکەیان تاوانە وهیچ ـی کوفر نیـە وە هەرکاتێ چەند تاوانێک لەکەسێکدا کۆبێتەوە بەکۆبونەوەی تاوانەکە نابێت بەکـوفر کەواتـا هەرکەسێ هەرچوار تاوانەکە ئەنجام بات کـافرنیـە بەڵام نیفاق ـی کرداری بچوکی لێ دەرکەوتوە کەترسی ئەوەی هەیە بەرەو نیفاق ـی گەورەیی ببات

هەربـۆیە ئیمام ـی ابن حجر ئەفەرموێت : وقد أجمع العلماء على أن من كان مُصدِّقًا بقلبه ولسانه وفعل هذه الخصال لا يُحكَم عليه بكفر، ولا هو مُنافق يخلد في النار.

هەموو زانایـان یەکدەنگن کەهەرکەسێ لەدڵەوە بڕواداربێت وبەزمان ـ ی ئیمان بێنێت بەڵام ئەم چوار سیفەتەی تێدابێت ئەوا حوکم بەکافربوونی نادرێ وەبەهەمیشەی لەدۆزەخ نامێنێتەوە .

کـەواتا ئەهلی سونەت بەپێچەوانەی خەوارج ـن چونکە خەوارج بەتاوان خەڵکی تەکفیرئەکەن وە ئەڵێن هەرکەسێ بەردەوام بێت لەسەر تاوان کافرئەبێت بەڵام ئەهلی سـونەت لەسەر ئەوەن هەرکەسێ بڕواداربێت بەدڵ وزمان وەبەلاشە ملکەچ شەرع بێت بەڵام سەرپێچی بکات بەئەنجامدانی تاوان وبەردەوام بون لەسەر تاوان ئـەوا کافرنابێت

